## لە تاران رۆڵەیەکی کورد بە گوللەی دوژمن شەهیدکرا

بەپێی هەواڵی گەیشتوو، ماوەیەك لەمەوبەر "محمد محمدی" کوڕی سۆفی سەعید، خەڵکی گوندی "چۆپلی" دەڤەری هەوشار، لە شاری تاران بەدەستی مەئمورێکی جینایەتکاری کەلانتەری ژمارە ١٣ی تاران شەهید کراوە.

"محمد محمدی" ٣٠ ساڵە، کە تەنیا کوڕی دایك و بابەکەی و خاوەنی هاوسەر و ٥ منداڵ بوو، بۆ وەدەسهێنانی بژێوی خیزانە هەژارەکەی، لەگەڵ ژمارەیەك لە خەڵکی ئاواییەکەی، بۆ کار و کاسبی چووبوونە تاران. ئەوان لە ئیمامزادەی تۆپخانەی تاران، بە دەسفرۆشیەوە خەریك بوون.

رۆژی رووداوەکە، مەئمورێکی جینایەتکاری کەلانتەری ژمارە ١٣، کە پێشتر کەسێکی دیکەی کوشتووە، بەربینگی محمد و هاوڕێکانی دەگرێ و کە دەزانێ کوردن، دەست دەکا بە بێ حورمەتی بە کورد و بیروباوەڕی کوردان. ئەو تاوانبارە لەلایان محمد و هاوڕێکانییەوە بەرپەرچ دەدرێتەوە و بەوجۆرە دەمەقاڵەیان لە بەینداساز دەبێ. مەئموری تاوانباری رێژیم کە لە حاست ئازایەتی و غیرەتی کوردانەی محمد و هاوڕێکانی لەبەر چاوی ئەو جەماوەرەی کۆببوونەوە، خۆی خەجاڵەت و شەرمەزار دەبینێتەوە، فیشەك دەخاتەبەر چەکەکەی و راست لە ملی "محمد محمدی" دەسرەوێنێ و شەهیدی دەکا.

هاورێکانی "محمد محمدی" کە ئەو دیمەنە دەبینن، پێکەوە پەلاماری مەئموری تاوانبار دەدەن و چەکی دەکەن و هەتا گەیشتنی هێزەکانی رێژیم، لێی دەدەن.

رۆژی دوای ئەو رووداوە کەلانتەری ژمارە ١٣ بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەك لە قاتل، لەبەرامبەر بەرێکردنەوەی تەرمی شەهید محمد محمدی دا بۆ زێدی خۆی، ٣ کەس لە هاوڕێکانی، بە بارمتە دەگرێ بۆ ئەوەی مەبادا لەکاتی گەیشتنەوەی تەرمەکەدا، خەڵکی ناوچەکە ئامبولانسەکە بسوتێنن.

رەفتاری هێزەکانی رێژیم لەگەڵ رۆڵەکانی گەلی کورد، خۆی سەلاماندوییە کە ئەوان بەچاوی دوژمن و وەك داگیرکەر رەفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵ رۆڵەکانی گەلی کورد دەکەن. ئەوان ئیجازەیان پێیە کە لە هەرکوێ بەچاکیان زانی دەستیان لێ نەپارێزن و تەقەیان لێبکەن. ساڵانە دەیان کەس لە رۆڵەکانی گەلەکەمان، لە کوردستانی داگیرکراو، یان لە شارەکانی ئێران بە تیری هێزەکانی دوژمن گیانیان لەدەست دەدەن.

هەموو رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە نیونەتەوەییەکانی لایەنگری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و هەموو ئینسان دۆستان و ئازادیخوازان لەسەریانە ئەم تاوانانەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لەدژی کوردان مەحکوم بکەن و بەهاواری میللەتی کوردەوە بێن.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

٢٠٠٣/٦/١٤

www.ruk2691.org
ruk2691@hotmail.com